### بەرپرسی نوسینگەی سەدر لە کەرکوك بۆ لڤین

# ئەگەر کەرکوك بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان لە سەداسەد دژی دەوەستین و کاردانەوەشمان دەبێت

دیداری سۆران مامە حەمە
نوسینگەی کەرکوك

● رەوتی سەدر یەکێکە لەو هێزە دیارانەی کە ئەمرۆ لە عێراقدا خاوەنی پێگەو نفوزی سیاسیی و سەربازیی و ئایینین، ئەم رەوتە تا رادەیەکیش لە کەرکوکدا یەکێکە لەو هێزانەی کە جێگەی ئاماژەبۆکردنن، چونکە بەردەوام بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە بەشدارێکی راستەوخۆی ئەو توندوتیژییە تائیفییەن کە بەرۆکی عیراقی گردووە. (لڤین) لەم دیدارەدا رووبەڕوو شێخ رەعد سەخەری گەورە یاریدەدەری موقتەدا سەدرو بەرپرسی نووسینگەی سەدر لە کەرکوك دەدوێنێت، ئەو شێخە گەنجەی کە تەمەنی لە (25) ساڵ تێناپەڕێت، زۆر راشکاوانە ئاراستەی بیرکردنەوەی رەوتەکەی بەرامبەر بە کوردو پێشمەرگەو عێراق و ئەمریکا و مقاوەمە دەخاتەڕوو.
شێخ رەعد وەکو تێکڕایی سەرکردە گەنجەکانی تری رەوتی سەدر، باوەڕی بە هێزی چەکداری هەیە بۆ گۆڕینی دەسەڵات و چەسپاندنی بیروباوەڕەکەی، شێخ رەعد سەخەری وەك رابەری رەوتەکەی بڕوایەکی پتەوی بە خۆی هەیەو بێباکانە دەدوێت، لەم دیدارەدا خوێنەری (لڤین) تێڕوانینی ئەو گەورە بەرپرسەی رەوتی سەدر کە پەیوەستە بە رەوشی کەرکوك، دەخوێنێتەوە.



**لڤین:** حەزدەکەم پرسیارەکانمان بە زنجیرە وەڵامبدەیتەوە، چۆن دۆخی ئێستای کەرکوك هەڵدەسەنگێنن و پەیوەندییتان بە کوردەکانەوە چۆنە لە کەرکوک؟

رەعد ئەلسەخەری: دۆخی ئێستای کەرکوك بەهەمانشێوە رەنگدانەوەی دۆخی عێراقە، وەکو چۆن لە بەغدادو دیالە میلیشیا هەیە، بەوشێوەیەش لە کەرکوکدا میلیشیا هەیە کە کوشتن و رفاندن ئەنجامدەدات، بێگومان ئەم میلیشیایەش لە کەرکوك هاوکاری داگیرکەران دەکات، ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کورددا لە کەرکوك یان لە باکور لە هەرێمی کوردستان، بێگومان پەیوەندییەکی باشەو سەماحەتی سەدریش هەردەم لەو جۆرە قسانە دەکات و دەڵێت "ئێمە لەگەڵ کورددا یەك بەرەین و یەك کوتلەو برای یەکترین تا قیامەت"، بۆیە کورد هەر بە برایی دەمێنێتەوە، نووسینگەی سەدریش وەك قەڵغانێك دەبێت بۆ پارێزگاریکردنی هەر کوردێك و بەتەمای خوا لەسەر هەموو مەسەلەکان هاوڕای یەکتر دەبین.

**لڤین:** دەتوانن سەبارەت بە دامەزراندنی سوپای مەهدی و تەیاری سەدری بۆ مان بدوێن؟

رەعد ئەلسەخەری: تەیاری سەدری لە سەردەمی شەهیدی یەکەم محەمەد باقر ئەلسەدر (خوای لێرازیبێت) دامەزرا، کاتێك بیری نوێی هێنایە ئاراوە، دوای شەهیدبوونی سەماحەت محەمەد باقر ئەلسەدریش، شەهیدی سەدری دووەم محەمەد محەمەد ئەلسادق ئەلسەدر ئاڵای ئەم تەیارە پیرۆزەو کاروانی حەوزەی گرتەوەدەست و بووە پێشەوای نوێژی هەینی و سەرکردەی شۆڕشی فیکری و میتۆدی حەوزە، دوای شەهیدبوونی سەماحەتی سەید محەمەد محەمەد ئەلسادق ئەلسەدر زۆری خستە سەر بیری شۆڕشگێڕانەو ئەوەی خستە دڵمانەوە کە بێدەنگ نەبین لە زوڵم و چەوساندنەوە، دوای ئەوەش کە بینیمان زوڵم هاتە عێراقەوە، گەلی عێراقیش گەیشتە تەنگانە بە دەست داگیرکارانەوە، سەماحەتی سەید موقتەدا ئەلسەدر پێیباشبوو دامەزراوەیەکی سەربازیی دابمەزرێنێت و ناوی نا (سوپای ئیمام ئەلمەهدی)، ئەوەش وەکو رێکخستنی

حزبی نییە، بەڵکو ئێمە باوەڕمان وایە ئیمامێکی (معصوم)و نادیار هەیە لە کۆتایی دنیادا دەردەکەوێت و لە شوێن ئەم زوڵم و ستەمە پڕیدەکات لە دادپەروەری، ئێمەش وەکو ئەوەی بڵێین سەرەتایەکمان بۆ ئەو ئیمامە دامەزراندووە کە دەردەکەوێت لە پاشەڕۆژدا، بەوجۆرە سوپای ئیمام مەهدی دامەزراندو لە شاری نەجەف و سەدر جەنگاین و یارمەتی برایانمان لە فەلوجەو ناوچەکانی تردا لە شێوەی شەڕی سەربازی، دوای ئەوەی فەرمانمان پێدرا لەلایەن سەماحەتی سەرکردەوە چەکمان داناو قۆناغێکی ترمان دەستپێکرد کە دەتوانم بە (مقاوەمەی سیاسیی) یان مقاوەمەی ڕاگەیاندن ناوی ببەم، سوپاس بۆ خودا ئێمە چاوەڕێی فەرمانی حەوزە دەبین و لە فەرمانەکانی لانادەین.

**لڤین: چ لایەنێک هاوکاری ماددییتان دەکات؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: ئێمە حەوزە پاڵپشتمانەو تەنها بە زەکات هاوکاری دەکرێین، بە واتایەکی تر لە (بیت المال)و ماڵی موسڵمانان هاوکاری ماددیی دەکرێین، لەو زەکاتەی بۆ نەجەفی ئەشرەف و بۆ نووسینگەی شەهید سەدر دەچێت، هاوکاری دەکرێین، ئەگەر هاوکاری زۆر بکرێین ئەوا دەتوانین هەموو خەڵکی بکەینە لایەنگری خۆمان، چونکە ئێستا هەیە بە بیروباوەڕ کەسبدەکرێ و هەشە بە پارە دەکرێت، ئەوانەی لایەنگری ئێمەن بە بیروباوەڕ کەسب کراون، بەڵام ئەوانەی بە پارە کەسبدەکرێن، ئێمە لەبەر کەمپارەیی ناتوانین کەسبیان بکەین.

**لڤین: ئەی سەبارەت بە چەکەکانتان، سەرچاوەکەی کوێیە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: ئێمە تەنها چەکی شەخسی خۆمان هەیە، هەموو کەسێك چەکی تایبەتی خۆی هەیە، لە ماڵەوە چ دەمانچە بێت یان کلاشینکۆف، جگە لەوە ئێمە چەکمان نییە تاکو پێویستمان بە هاوکاری بێت.

**لڤین: بەڵام سوپای مەهدی سوپایەکی بەهێزەو چەکی کاریگەرو قورسی هەیە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: ئەو چەکە لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە هەمانە، ئاشکراشە زۆربەی عێراقییەکان ئەو جۆرە چەکانەیان لە سەربازگەکانی سەدام حسێندا دەستکەوتووە لە کاتی هاتنی داگیرکەراندا، سەبارەت بەو چەکانەش دوای ڕوخانی سەدام حسێن هەموو عێراقییەك بەلای کەمەوە هاوەنێکی هەبووە، وەکو چەکی تایبەتی خۆی، دوای ڕاپەڕینیش هەندێ لەو چەکانەمان لەدەستچوو، لەوانەش هەندێکیان تەسلیم کراون یان گیراون، بۆیە ئێستا تەنها چەکی تایبەتیمان هەیە، بەڵام لە سەرەتاکانی ڕاپەڕین بە چەکەکانی سەدام شەڕمان دەکرد، ئەو چەکانەی کە لە سەربازگەکان دەرهێنرابوون.

لڤین: گرنگی بوونی نووسینگەی شەهید سەدر لە کەرکوکدا چییە؟

ڕەعد ئەلسەخەری: بوونی تەنها بۆ کارێك نییە، بەڵام گرنگترینیان پێشکەشکردنی خزمەتە بە خەڵکی، نووسینگەی (حەوزە) ئەرکی فەتوادانی مەسەلە شەرعییەکانمان لەئەستۆیە، هەروەها یارمەتی نەخۆش و کێشەدار دەدەین، واتا نووسینگەیەکی ئایینی و شەرعییەو کێشەی خەڵکی لەئەستۆ دەگرین.

**لڤین: ئەی دەست وەرنادەنە مەسەلە سیاسییەکان؟ لەم دواییە سوپای عێراق و هاوپەیمانان لە کەکوک هەڵیانکوتایە سەر چەند شوێنێک و چەند داواکراوێکیان دەستگیرکرد کە بڵاوکراوەی ئێوەیان لابوو؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: بێگومان مەبەستدارەکان هەموو شتێك دەکەن، من پێتدەڵێم تاکو ئێستا داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانم نەکردووە، ئەگەر ئەو دەستگیرکراوانە سەر بەم تەیارە شەریفە بوونایە، ئەوا بەلای کەمەوە خۆپیشاندانمان دەکردو داوای ئازادکردنیانمان دەکرد، لە گوتاری هەینی و لە ڕاگەیاندنەکانیشەوە ئەو داوایەمان نەکردووە، چونکە ئەوانە سەر بە ئێمە نین، ئەگەر سەر بە ئێمە بوونایە، لەسەر ئاستی بەغداد یان کەرکوك ئەو داوایەمان دەکرد، ئەوەش باشترین بەڵگەیە کە ئەوان سەر بە ئێمە نین، ئێمە بەیان و بڵاوکراوە لە بازاڕەکاندا دابەشدەکەین.

**لڤین: هەندێک لایەن تاوانی تیرۆر دەخەنە پاڵتان، ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو تۆمەتانە چییە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: پێشتر وتم ئێمە ڕێکخستنێکی سەربازییمان نییە، تاکو پێمانبڵێن تیرۆریستین، پێشتر ڕێکخراوی سەربازییمان هەبوو کە مقاوەمەی هەبوو، ئێستا سوپای ئیمام مەهدی هەیە کە ناتوانی بڵێی نییە، بەڵام ئێستا ڕۆڵی سوپای مەهدی پێشکەشکردنی خزمەتە بە خەڵکی، ماوەیەك لەمەوبەر سەماحەتی موقتەدا سەدر فەرمانیدا دەربچینە شەقام و ڕۆڵی شارەوانی بگێڕین، ئەوەمان کردو شەقامەکانمان پاککردەوە، یان سوپای مەهدی یارمەتی هەتیو خێزانە نەدارەکان دەدات، ئێمە کە ئەو قوڕکارییانە دەکەین، ئایا ئەوە تیرۆرە؟ بێگومان نەخێر، بەڵام هەیە ئاسنی سارد دەکوتێت و دەیەوێت ناوی سوپای مەهدی بزڕێنێت.

**لڤین: ئەگەر لە بەغداوە فەرمانتان بۆ هات چەک هەڵبگرن و شەڕ بکەن، ئایا جێبەجێیدەکەن؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: بەڵێ؛ ئەگەر لە بەغداو نەجەفی ئەشرەفەوە فەرمان هات، ئەوە دەیکەین، ئێمە پابەندی فەرمانی بەڕێز موقتەدا سەدرین، ئەگەر وتی خۆتان فڕێدەنە ئاگرەوە ئەوا خۆمان فڕێدەدەین.

**لڤین: مەبەستت لەو سوپایەیە کە لە کەرکوک هەیە (سوپای مەهدی)؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: نەخێر وەکو سوپا لێرە نییە، بەڵام وەکو خەڵکانێکی لایەنگری بەڕێز موقتەدا سەدر بەڵێ ئەوە هەیەو ئەگەر سەماحەتی فەرمانی پێداین چەك هەڵبگرن، ئەوا چەك هەڵدەگرین، بەڵام سوپا لە کەرکوك نییە، بەڵکو ئەوەی لە کەرکوك هەیە، لاوانن، تەنها خزمەتی خەڵك دەکەن، کەرکوك بەپێچەوانەی ناوچەکانی ترە، ئەگەر بچیت بۆ بەغدا بۆ ڕێکخستن و سوپای ڕێکخراو دەبینیت، بەڵام لە کەرکوك ئەوە نییە، بەوپێیەی ئارامترە، چونکە کەرکوك شاری پێکهاتەکان و برایەتییە، بۆیە پێویستی بە سوپا نییە، بۆ نموونە ئەگەر ویستمان شتێك لە کورد یان لە تورکمان یان لە عەرەبەکانی تر بسەنین، ئەوە بە گفتوگۆی ئاسان ئەنجامیدەدەین و پێویست بە هێزو ئەو جۆرە شتانە ناکات.

**لڤین: ئێوە لەلایەک لەگەڵ حکومەتدان و لەلایەک دژین، ئەمە چۆن شیدەکەیتەوە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: ئێمە دژی حکومەت نین...

**لڤین: بەڵام حکومەت لەگەڵ داگیرکاریی ئەمریکادایەو ئێوەش دژی ئەمریکان؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: سوپای ئیمام مەهدی لە ڕاستیدا دژی داگیرکەرانە، بەشداریمان لەم حکومەتە تەنها بۆ ڕزگارکردنی عێراق بوو لە داگیرکەران، کوتلەی سەدری گەورەیە، ڕەنگە 30 کورسی زیاتری لە پەرلەمان هەبێت، ئێمە وتمان دوای چوونە پەرلەمان و حکومەت داواکانمان دەخەینەڕوو، دوای ئەوەی قورسایی و گەورەیی کوتلەی سەدریمان بۆ خەڵك سەلماند، توانیمان داواکارییەکانمان بخەینەڕووو ئەندامێتی خۆمان

هەڵپەساردو داوامانکرد ناگەڕێینەوە ناو پەرلەمان ئەگەر داگیرکەران عێراق بەجێنەهێڵن، هەروەها چەند داواکارییەکی ترمان هەبوو، بەڵام دەرچوونی داگیرکەران گرنگترینیان بوو، واتە هاتنە ناو کردەوەی سیاسیی لەلایەن ئێمەوە بەشێك بوو لە مقاوەمەی داگیرکەر.

**لڤین: لە کاتێکدا کوشتاری تایەفەگەری لەئارادایە، ئێوە تاوانبار کراون بەوەی رۆڵتان لەو کوشتارانەدا هەیە، ئێوە چی دەڵێن؟**

رەعد ئەلسەخەری: تاکو ئێستا بەڵگە نییە کە رۆڵەکانی ئەم تەیارە شەریفە ئەو کوشتارانە ئەنجامدەدەن، هیچ بەڵگەیەك نییە، من پێشتر وتوومە ئەو کوشتارەی لە عێراقدا هەیە دوو گروپ ئەنجامیدەدا، گروپی تەکفیرییەکان کە تەکفیری هەموو تایەفەکانە بە ئیسلامیو مەسیحییەوە، گروپی دووەم ئەوانەیە کە بە پارە بەکریٚ گیراون، بەڵام ئەم خەتە شەریفە تەنها رۆڵی پێشکەشکردنی خزمەتی هەیە.

**لڤین: هۆکاری ململانێی شیعەو سوننە چییە لە عێراقدا؟**

رەعد ئەلسەخەری: ململانێکە لەنێوان شیعەو سوننەدا نییە، ئەم ململانێیەی کە هەیە لەنێوان تەکفیریو بەعسییەکانو کرێگرتەکاندایە لەگەڵ شیعە، لەوانەیە سوننە دەستیان نەبێت لەم کێشەیەدا، بەیاننامەیەکی بەڕێز موقتەدا سەدر هەیە بەم دواییە دەرچووە، تیایدا دەڵێت "سوننی نییە شیعە بکوژێتو شیعەش نییە سوننی بکوژێت، ئەگەر سونییەکیش شیعەیەکی کوشت یان شیعەیەك سوننەیەکی کوشت، ئەوا ئەوانە نە سوننەنو نە شیعەن"، ئەمە دوا لێدوانی سەماحەتی بەڕێز موقتەدا سەدرە، هەروەها لە لێدوانێکی تریدا دەڵێت "من لەگەڵ هەر کۆنگرەیەکدام کە داوادەکات ئەهلی سوننە لە عەفلەقیو کرێگرتەکان رزگاربکات"، سەماحەتی سەدر دەڵێت من دەچم بۆ ئەو کۆنگرەیەی داوای مافی ئەهلی سوننە دەکاتو لە بەعسیو کرێگرتەکان رزگاریاندەکات، چونکە ئەوانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سوننەنو لەژێر ئاڵای سوننەدا خۆیان حەشاردەدەن، بەڵام سوننە لێیان بێبەرییە، ئێستا شەڕەکە لەگەڵ ئەو گروپانەیەکە شەڕی عەرەبو کوردو تورکمانو هەموو عێراقییەك دەکەن، نەك بە تەنها شەڕی شیعە بکەن، بەڵام ئەوەی لە روویان دەوەستێتەوە، شیعەیە.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە حزبوڵڵای لوبنانی مەشق بە سوپای مەهدی دەکات؟**

رەعد ئەلسەخەری: شتی وانییە، مەحاڵە، سوپای ئیمام مەهدی پێویستی بە مەشقی ئەوان نییە، بەڵکو مەشقمان لەوان باشترە، بۆچی؟ چونکە هەرکەسێك لە سوپای مەهدی بەلای کەمەوە دە ساڵ لە سوپای عێراق مەشقی کردووەو دەشزانن سوپای عێراق چەندە مەشقپێکراو بووە، بۆیە پێویستمان بە مەشق نییە لە دەرەوەی عێراق.

**لڤین: راتان سەبارەت بە فیدراڵییەت چییە لە عێراق؟**

رەعد ئەلسەخەری: ئێمە لەگەڵ فیدراڵیین، دوای دەرچوونی داگیرکەر، بەڵام ئێمە فیدراڵی ژێر سایەی داگیرکەرمان ناوێت.

**لڤین: سەبارەت بە راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن چی دەڵێن؟**

رەعد ئەلسەخەری: وەکو رای زۆربەی برایان، ئێمە وایدەبینین راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن هەندیٚ چاکەی عێراقی تێدایە، بەڵام ئێمە وایدەبینین بۆ رزگارکردنی ئەمریکایە لە قەیرانەکە، ئێستا ئەمریکا لە قەیراندایە، بۆیە ئەو راپۆرتە بۆ دەربازبوونی ئەمریکایە.

**لڤین: مەبەستم ئەوەیە تەیاری سەدری لەگەڵ ئەو راپۆرتەیە یان دژییەتی؟**

رەعد ئەلسەخەری: لەگەڵ هەموو بڕگەکانیدا نین، تێبینیمان لەسەر هەندیٚ خاڵی هەیە.

**لڤین: لە کاتێکدا لەو راپۆرتەدا هاتووە میلیشیاکان هەڵبوەشێنرێنەوەو سوپای مەهدیش یەکێکە لەو میلیشیایانە کە داوادەکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە؟**

رەعد ئەلسەخەری: ئەوە گرنگ نییە بەلای ئێمەوە، چونکە ئێمە رێکخراوێکی سەربازی نینو سوپاو بارەگاو جلی فەرمیو پێناسەمان هەبێت یان چەکدارمان هەبێت، ئەگەر وتیان سوپای مەهدی هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوا لە بنەڕەتدا هەڵوەشاوەتەوەو هەرکەس لە ماڵی خۆی دانیشتووە، هەر کاتێکیش هەر مەترسییەکیش لەئارادابوو، یان بانگەوازێکمان بۆ کرا لە نەجەفی ئەشرەفەوە، ئەوا دەتوانین جووڵە بکەین.

**لڤین: کاردانەوەتان چییە سەبارەت بەوەی هێزی پێشمەرگە بە نیزامیو سوپای مەهدی بە میلیشیا دادەنرێت؟**

رەعد ئەلسەخەری: ئێمە دەڵێین گەر هێزی پێشمەرگە خزمەت بە عێراق بگەیەنێت، کێشەمان نییە، ئێمە لەگەڵیداین، بەڵام تێکەڵبوونی پێشمەرگە بە رەسمیاتو دەوڵەت لەبەر هۆکارێك بوو، ئەوەش ئەوەیە هێزی پێشمەرگە بیروباوەڕی نییە، واتا کەسانێکن هەموو بیروباوەڕو داواکارییەکیان بەرگریکردنە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەموو عێراق بسووتێت پێشمەرگە هەقی نییە بەسەرەوە، ئەو قسانەم لە پێشمەرگەیەك گوێلێبووە کە خزمی خۆمەو دەڵێت "ئەگەر هەموو عێراق بسووتێت، ئێمە پەیوەندیمان پێیەوە نییە، گرنگترین شت لای ئێمە هەرێمی کوردستانە"، بۆیە هێزی پێشمەرگە هێزێکی ناوچەییە نەك هێزێکی عێراقی، بۆ نموونە چۆن سوپای ئیسلامی تەنها لە بەغدادو دیالە هەیەو لە پارێزگاکانی باشوری عێراقدا نییە، بەڵام سوپای ئیمام مەهدی لە باشورو ناوەڕاستو باکوری عێراقدا هەیە، بەڵام پێشمەرگە، نەخێر، تەنها لە باکوری عێراقدا هەیەو تەنها خەمی بەرگریکردنی هەرێمی هەیە، تەنها بۆ بەرگریکردن لە هەرێم دامەزراوە، پەیوەندی بە عێراقەوە نییە.

**لڤین: تا چەند لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندان؟**

رەعد ئەلسەخەری: بێگومان دوای دەرچوونی داگیرکەر کێشە نییە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت، مافی خۆیانە ئەگەر رایانوابێت سەربەخۆ بن، بەڵام دوای کشانەوەی داگیرکەران، بەڵام ئێستا دەبیٚ بۆ داگیراکەرانی بسەلمێنن کە باکورو ناوەڕاستو باشوری عێراق یەك وڵاتەو سەربەخۆییو فیدراڵییەت نییە، بەڵام دوای دەرچوونی داگیرکەر ئاساییە ئەگەر داواکارییەکی میللییان هەبێتو داوای سەربەخۆیی بکەن لە عێراق کێشە نییە.

**لڤین: رۆڵی سیاسییەکانی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت لەنێوان کوتلەکاندا؟**

رەعد ئەلسەخەری: لایەنی کوردی دوو خاڵی دیارییان هەیە لە میتۆدی سیاسییدا، یەکەمیان ئەوەیە داکۆکی لەوە دەکەن کە کوردستان هەرێمەو دەبێت کەرکوك لەو هەرێمەدا بێت، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەگەر سەیری سیاسەتی کوردەکان لە پەرلەمانو بوارەکانی تردا بکەین، دەبینین سیاسەتێکی بێلایەنی تایەفی پەیڕەودەکەن، کوردەکان نە دەڵێن ئێمە سوننەینو نە دەڵێن شیعەین، بەڵکو دەڵێن ئێمە کوردین، جیاوازیش لەنێوان سوننەو شیعەدا ناکەن، واتە کێشەی تایەفییان لانییە، دەڵێم ئەوەی من بەدیدەکەم لە

# سوپای مەهدی لە حیزبوڵڵای لوبنان بەهێزترە، بۆیە پێویستی بە مەشقی سەربازی ئەوان نییە

سیاسییە کوردەکان ئەوەیە جەخت لەسەر هەرێمی کوردستانو کوردستانیەتی کەرکوك دەکەن.

**لڤین: کاردانەوەتان چۆن دەبێت ئەگەر ماددەی 140 جێبەجێکراو کەرکوک گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

رەعد ئەلسەخەری: کاردانەوەمان لە سەداسەد هاودژ دەبێت، چونکە ئێمە دەڵێین کەرکوك هەموو تایەفەکان لەخۆدەگرێ، ئەگەر کەرکوك ببێتە هی یەك تایەفە، ئەوا ئێمە ئەوە بە سیاسەتێکە ناواقعی دادەنێین، وەڵامان بەپێی پێویستی دۆخەکە دەبێت، مەبەستم ئەوکاتەیە، حاڵەتەکە چۆن بێت بەپێی ئەوە وەڵامدەدەینەوە.

**لڤین: ئەی ئەگەر ئەو خەڵکە دەنگیان بە گەڕانەوەیدا، واتە ئیرادەی خەڵک لەوەدابوو بگەڕێنەوە سەر کوردستان؟**

رەعد ئەلسەخەری: ئەگەر وابوو با ببێت، مەسەلەکە دیموکراسی بوو، راستە، بەلام ئایا لە سلێمانیو هەولێر شوێنی نیشتەجێبوون نییە؟ بۆچی لە ئێرانو سوریاو تورکیا لەوانەیە لە هندستانیشەوە کورد هاتووەو لە کەرکوك نیشتەجێبووە، هەروەها کوردی سلێمانیو هەولێرو بەغدادو ئەنبار هاتوونەو لە کەرکوك نیشتەجێ بوونو زەوییان وەگرتووەو پارەشیان دراوەتێ بۆ دروستکردنی خانوو، پێیاندەڵێین "ئەگەر لە کەرکوك دانیشن خۆشترین ژیانتان دەبێ"، هۆکاری ئەمە چییە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەرکوك بە دیموکراسیو دەنگدان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها بەزۆردەرکردن هەیە، سەیری ئەنجومەنی پارێزگا بکەین، هیچ عەرەبێکی هاوردە دانامەزرێنرێت، بۆیە ناچاربووە کۆچبکات لە کەرکوك، بۆ نموونە فەرمانێکی کارگێڕی دێت لە بەغداوە دەڵێ فلانە کەس دابمەزرێنن، کە ئەو فەرمانە دەگاتە ئەنجومەنی پارێزگا، دەڵێن "ئێمە دان بە حکومەتی بەغداددا نانێین"، هەروەها بۆ نموونە ئەگەر لە رەگەزنامە کارێکت هەبێ ئەگەر بە لەهجەی کوردی قسە نەکەیت رەنگە کارەکەت بۆ جێبەجێنەکەن، ئەمانە هەمووی پێشەکی ئەوەن، ئەوان وەکو بڵێیت براوەن لە دەنگدانەکەدا، بۆیە من بە پرۆسەیەکی دیموکراسی دانانێم، بەڵکو بە پرۆسەیەکی دیکتاتۆری دادەنێم، چونکە ئەگەر هەڵبژاردنەکەش دیموکراسی بێت، بەلام ئامادەکاری بۆ ئەو هەڵبژاردنە هەر دیکتاتۆری بووە.



ناو: شێخ رەعد ئەلسەخەری
لە ساڵی 1982 لە دیالە لەدایکبووە.
لە نەجەف زانستی ئایینی خوێندووە
لە زۆربەی پارێزگاکاندا خزمەتی کردووە
بەرپرسی نووسینگەی شەهید سەدر لە کەرکوك .

**لڤین: ئەو دەسەلاتەی لە کەرکوک کوردییە، ئایا پێتوایە دیموکراسییە، یان دیکتاتۆرییە؟**

رەعد ئەلسەخەری: با خزمەتت بکەم، دەسەلاتی کوردی لە سلێمانی جیاوازی هەیە لە دەسەلاتی کوردی لە کەرکوك، دەسەلاتی سلێمانی پێشوازی لە هەر عەرەبێك دەکات، هەموو عەرەبێك دەتوانێت بچێت بۆ سلێمانیو نیشتەجێ ببێت، تەنها یەکێك کەفالەتی بکات، هەروەها تورکمانیش

بۆی هەیە، دەتوانن هەموو پێداویستییەکانو مافەکانیان دەستەبەربکەن لە سلێمانی، بەڵام لە کەرکوك من دەڵێم دەسەڵاتی کوردی لە سەداسەد دیکتاتۆرییە.

**لڤین: هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: لە هەڵسوکەوتییەوە دیارە، دەبینیت گروپی عەرەبو تورکمان دوو مانگە ئەندامێتی خۆیان لە ئەنجومەنی پارێزگا هەڵپەساردووە، داواکارییەکەشیان تەنها ئەوەیە ئیدارەی هاوبەش هەبێت، واتە ئیدارەی کەرکوك ئیدارەیەکی عەرەبیو کوردیو تورکمانی بێت، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك گوێی لێیانڕانەگرت، چونکە حکومەتێکی دیکتاتۆرییەو دەڵێن "ئەندامێتیتان هەڵپەساردووە یان نا، گرنگ نییە بەلامانەوە" مەسەلەکەش بەوجۆرە دەبێت "ئێمە کوردینو حوکمی ناوچەکە دەکەین"، دووەم بەڵگەی دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتی کوردی لە کەرکوك ئەوەیە کە گەڕەکە کوردییەکان نۆژەندەکرێنەوەو شەقامەکانی قیرتاو دەکرێن، بەڵام ئەو نۆژەنکردنەوەیە گەڕەکە عەرەبەکان ناگرێتەوە، بچیتە هەر فەرمانگەیەك دەبینیت زۆربەری فەرمانبەرو بەڕێوەبەرەکان کوردن، لە هەموو کەرکوکدا یەك دوو بەڕێوەبەری گشتی عەرەبو تورکمانن، ئەوەی دوایی هەمووی کوردە، بۆ نموونە بەڕێوەبەری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەنسیب کراوە، هەرچەندە کەرکوك سەر بە حکومەتی بەغدایە نەك هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەمووی بە دیکتاتۆرییەت دانانێن؟ کەواتە دیکتاتۆرییەت چییە؟

**لڤین: ئێوە تاوانبار کراون بەوەی کە ڕێکەوتوون لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا بۆ دژایەتیکردنی کورد، تا چ رادەیەک ئەوە راستە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: من وتوومەو جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئێمە لەگەڵ کوردو تورکمانو هەموو دڵسۆزێکی ئەم عێراقەین، من لەسەر چ بنەمایەك لەگەڵ بەرەی تورکمانی ڕێکدەکەوم، من پێویستم بە بەرەی تورکمانی نییە، ئەگەر بمەوێت دژی کورد بوەستم پێویستم بە هیچ کەس نییە، بەڵام لەگەڵ کورددا بە برایی دەمێنمەوە، هەرچەندە لە کەرکوك کوردەکانی سلێمانیو هەولێر هەندێ جیاوازییان هەیە، بەڵام لە کوردەکانی کەرکوك بەتایبەتی بەرپرسەکان زوڵمێکی زۆرم بینیوە دەرهەق بە ڕۆڵەکانی ئەم شارە.

## ڕاپرسی لەسەر کەرکوك پرۆسەیەکی نا دیموکراتییەو هەر لە ئێستاوە کورد براوەیە تیایدا، چونکە لە تورکیاو سوریاو ئێرانو هیندستانەوە کوردیان هێناوەو لە کەرکوك نیشتەجێیان کردووە

**لڤین: چۆن دەڕواننە ڕۆڵی ئاسایش لە کەرکوک؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: لە بەغدادا دیاردەیەك هەیە، لە کەناڵەکانی زەوراو بەغداو فوراتو زۆر کەناڵی تر دەوترێت "چەند چەکدارێك بە بەرگی ڕەسمییەوە فلان کەس دەکوژن، یان فلان کەس دەڕفێنن"، ئەمە لە بەغداد هەیە، بەڵام زۆر بەداخەوە هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنم نەبینیوە سەبارەت بەوە لێدوان بدات، بۆ نموونە بڵێت "چەکدارێك بە جلی گاردی نیشتیمانییو پۆلیسەوە کەسێکی کوشت یان کەسێکی ڕفاند"، ڕۆژێك کەسێك هات بۆ لامو وتی "پێش هاتنی پێشمەرگە لە بازگەیەك ڕایانگرتمو پشکنیمیان، دوو دەفتەر دۆلاریان لام دۆزییەوە، بەڵام وتیان خوات لەگەڵ، چونکە من بۆ تریلەکرین چووبووم، بەڵام دوای ئەوەی لە بازگەکە دەرچووم سێ ئۆتۆمبێل کە دووانیان سەرنشینەکانی جلی سوپایان لەبەردابوو، ئەوی تر مەدەنی بوو، ڕایانگرتمو پارەکەیان لێسەندم، ئەوانە بەکوردی قسەیاندەکرد، دواتر خۆشمیان لەسەر زبڵدانێك فڕێدا"، ئێمە لە زۆربەی ناوچەکاندا کە دەزگا حکومییەکان بە دەست کوردەوەیە، دەبینین هیچ عەرەبێك ناتوانێت ڕێکخراوێکی ڕەسمی لە کەرکوکدا دابمەزرێنێتو جلی پۆلیسو سوپا لەبەربکاتو لەناو کەرکوکدا بگەڕێت. با بپرسین ئایا خەڵکی هەموو دەتوانن جلی میری لەبەربکەنو لەناو کەرکوك بگەڕێن؟ ئێستا لە کەرکوکدا چەکبەدەست دوو لایەنەوەیە؛ بەدەست حکومەتو ئاسایشەوەیە، هەرشتێك لە کەرکوکدا ڕوودەدات لەو دوو لایەنە دەرناچێت، هەر کوشتارێك لە کەرکوکدا هەبێت لەو دوو لایەنە دەرناچێت.

**لڤین: ئایا نووسینگەی سەدر لە کەرکوك لەگەڵ ئاسایشدا کێشەی هەیە؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: نەخێر هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نییە، بەڵام ئێمە لە خەڵكو هەژارانو زۆرلێکراوان دەبیستین، سکاڵا دەکەن لەوەی ئاسایش هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکەیو چەکەکەیان بردووەو خانووەکەیان ڕووخاندووە، یان کوڕەکەیان دەستگیرکردووە، ئەوان دێن لای ئێمە سکاڵادەکەن، ناتوانن لای حکومەت سکاڵابکەن، چونکە حکومەت هەمووی لە ئاسایشە، ئەوان دێن لە نووسینگەی شەهید سەدر سکاڵادەکەنو ئێمەش بەڕاستی ناتوانین هیچیان پێشکەشبکەین وەکو چەکداری.

**لڤین: ئایا پەیوەندیتان بە مەڵبەندی دووی ی.ن.ک.و لقی سێی پ.د.ک.وە چۆنە لە کەرکوک؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: پەیوەندی زۆر باشمان هەیە.

**لڤین: ئایا ئەمە نووسینگەی سەرەکیتانە لە کەرکوکو تۆش بەرپرسی یەکەمی تیایدا؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: بەڵێ.

**لڤین: پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵ بەرپرسانی حزبە کوردییەکان هەیە تاکو سەبارەت بەو کارانەی ئاسایش سکاڵایان لەلا بکەن؟**

ڕەعد ئەلسەخەری: بەڵێ؛ پەیوەندی باشم هەیەو هەندێ لە کێشەکان لە ڕێگەی پەیوندیکردنم پێیانەوە چارەسەردەکرێن، خوا پاداشتییان بداتەوە، درێغی ناکەن.